# ئاوڕدانەوەیەک لە یاری زانە دێرینەکان ... ئەنوەر خەراجیانی



یاری زانی دێرینی ئەم جارەمان هێرش بەرێكی زۆر باشی یانە و هەڵبژاردەی شاری هەڵمەتو قوربانییە. فەرەیدون كەریم كە ناسراوە بە (فەرە ئۆزیبۆ) ساڵی 1954 لە گەڕەكی سابونكرانی شاری سولەیمانی هاتۆتە دنیاوە لە خێزانێكی وەرزش كار. لە ساڵی 1968 پەیوەندی كردووە بە تیپی لاوانی كانیسكان وەك یاری زانێكی بە تواناچونكە زۆربەی هاوڕێكانی كە یاری لەگەڵدا دەكردن كاك فەرەیدون لە زۆر بەیان منداڵ تر بوو بەڵام یاری زانێكی زۆر باش بوو هەر بۆیە پاش یەك ساڵ هەڵیانبژارد بۆ هەڵبژاردەی پەروەردەو لاوانی سولەیمانی، ساڵی 1970 بوو بە ئەندامی یانەی سولەیمانیكە وا ڕاهێنەری بە توانا ی ئەوكاتە مامۆستا كەریم عومەر بوو كە زۆر بە دڵی بوو وەكیاری زانی هێرش بەری باش چونكە كاك فەرەیدون زۆر گۆڵ كەر بوو لە زوربەی یاریەكانیدا گۆڵی كردوە، نازناوەكەشی لە خۆشەویستی یاری زانی جیهانی بە ناوبانگئۆزیبۆ هەڵبژاردەی پورتوگال بوو، باشترین یاری زان ساڵەكانی 70 لای كاك فەرەیدون پیلی و ئۆزیبۆ بووە تیپیش هەڵبژاردەی بەڕازیل بەردەوام تەماشای یاری دەكەم بە تایبەتی یانەكانی ئینگلترا، یاری زانی مانشتریونایت كانتۆنا باشترین یاری زانی ساڵەكانی 90 وەدەكانە لای دڵی. لە ساڵی 1971 دا بووم بە یاری زانی تیپی مەولەوی باشترین ڕاهێنەر لای فەرەیدون مامۆستا ئیبراهیم قاسم بوو وەك ڕاهێنەری یانەو هەڵبژاردەی سولەیمانی بە لام وەك تیپی میلی كاك عومەر خەتاب بووە. لە ساڵی 1976 دا ئامادەی تەواوكرد پاشان چو بۆ سەربازی پاش دەركەوتنی لە سوپای عێراقی دا وەك یاری زانێكی هێرش بەری زۆر باش هەڵیان بژارد بۆ تیپی هەشتی سوپا تاوەكو ساڵی 1978لە هەمان كاتدا كە دەگەڕایەوە بۆ سولەیمانی لە كاتی پێویستدا یاریان پێدەكرد بۆ خولەكان یەكێتی تۆپی پێی سولەیمانی بە ڕەسمی داوایان لە سوپای هەشت دەكرد كەوا یارمەتی بدەن بۆ یاری كردنی لە گەڵ یانەو هەڵبژاردەی سولەیمانی، تا ساڵی 1980 بەردەوام یاری كردلە كۆتایدا سوپاسی پێزانینم بۆ ڕاهێنەرەكانم و هاوڕێكانم بە تایبەتی دارا عەلی و كەمال حسێن و كەمال ساڵح و جەلال ئیبراهیم لە گەڵ مامۆستا منعیمزۆر سوپاسی كاك فەرەیدون دەكەم بۆ ڕەوانەكردنی وێنەو كورتە باسی ژیانی وەرزشی خۆی و زۆر زانیاریشم بە تەلەفون لێم وەرگرتووە، هیوادارم یاری زانی دێرینی وتازە پێگەشتوی هەر چوار پارچەكە ی كوردستان ئەگەر پێیان خۆش بێت بە نامە یان بە تەلەفون پەیوەندیم پێوە بكەن بۆ بڵاو كردنەوەی ژیانی وەرزشیان.

ئەنوەر خەراجیانی
یاری زانی هەڵبژاردەی سولەیمانی كۆن
0046 40 948904
0046 7362127

وێنەكە لە ساڵی 1979 دا گیراوە، كە هەڵبژاردەی سولەیمانی یاریمان هەبوو لە گەڵ هەڵبژاردەی كەركوك كە لە یاریگای شەریكەی نەوتی كەركوك ئەنجامان دا